## میسال ئەلئالوسی



# ڕژێمە شۆڤینییەکانی عەرەب لە ئازادی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی گەلان دەترسن و دوژمنایەتییان دەکەن بە بیانووی پاراستنی ناسنامەی ئوممەی عەرەبی

**گفتوگۆ: نامق هەورامی**

**✿ لە دوا شکستهێنانی گوتاری ناسیونالیستی عەرەی لەبەرامبەر ئەو کرانەوە گەورەیەی کە لە خۆرئاوادا هەیە تەواوی دەرگاکانی عەقڵیان لە خۆیان داخستوە و گەرەکیانە بە گەمەکردن لەسەر عەقڵی ساویلکەی نێوکۆمەڵگەو بە یانووی پاراستنی شوناسی عەرەبی و بەرگری لە ئیسلام و دژایەتی ئیسرائیل بەر بەم کرانەوە بگرن بەبێ ئەوەی دەرک بەو راستییە بکەن کە دروستکردنی فەزایەکی ئازاد بۆ کرانەوە لە فەزای ئایین و هەم لە فەزای عەلمانیەتدا پێویستی بە رەخساندنی زەمینەی مەدەنییەت هەیە. گوتاری عەرەبی لە بەرامبەر عەلمانییەتی خۆرئاوادا کە هەوڵ دەدات بایەخ بە تەواوی رەهەندەکانی تاکی کۆمەڵدا بدات بەبێ ئەوەی ترسی هەبێت لەوەی ئاگایی و ئاوەزی گەشەسەندوی تاک دەبێتە خەتەرێکی گەورە بۆ دروستکردنی تیۆرییەک کە رەخنە لە بونیاد دەسەڵات و خودی عەلمانییەت بگرێت ئەمە بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا و لەلایەن خودی رژێمەکانیانەوە بە جۆرێکی دیکە کەوتووەتەوە ئەویش جگە لەوەی وەهمێکی وای دروست کردووە تەواوی داهاتی وڵات بخرێتە خزمەت جەنگێکی بێئاکامەوە ئەویش جەنگی پارێزگاریکردنە لە بنەماکانی خێڵ و پیرۆزی و ئایین. کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای بازنەی خول خواردوو هەمیشە داخراو و پەروەردە بکرێت بێگومان تاکەکانی (بەدەگمەن نەبێت) دەبنە کەسی چەپێنراو یان خەسێنراو و بە جۆرێک مرۆڤەکان بار دەهێنرێن کە توانای قبوڵکردنی بەرامبەری نەبێت. ترسی ئەو گوتارە لە بەرامبەر وێناکردنی فیدراڵییەت کە شێوازێکی لەبارە بۆ کۆمەڵگەیەک کە بتەوێت لەسەر بنەمای پلورالیزمی کلتووری دابمەزرێ وەک کۆمەڵگەی ئەمرۆی عێراق، بەڵام چونکە عەقڵی عەرەبی هەمیشە لە میانی سەنترالیزمەوە تەماشای دەوڵەتیان کردووە ئەمرۆ ئاسان نییە ئەوەی کورد دەیخوازێت قبوڵی بکەن. لە نێو ئەو عەقڵییەتانەدا کۆمەڵێک کەس دەردەکەون کە هەمیشە بە چاوی رەخنەوە لەو گوتارە دەڕوانن، بۆ دەبێت و تەواوی رژێمە عەرەبییەکان ژێرباری ئەمەریکا و دۆستی ئیسرائیل بن، بەڵام مافی ژیان بۆ گەلانی بەرامبەر بە رەوا نەزانن (میسال ئەلئالوسی) یەکێکە لەو عەقڵیەتە کراوانەی نێو کۆمەڵگە عەرەبی عێراقی وەک ریفۆرم خوازێکی عەرەب لە عێراقدا دەیەوێت ئەو روانینە سەلەفیانەی عەرەب رەدبکاتەوە لەبەرامبەر کرانەوەی کۆمەڵدا.**

*** نووسینەوی دەستور یەکێکە لە مەسەلە گەرمەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی عێراق هەر دەستە و لایەنێک هەوڵ دەدات لە نووسینەوەی دەستووردا زۆرترین مافەکانی بچەسپێنێ، بۆ ئەمڕۆی عێراق دەستورێکی دارێژراو لەسەر بنەمای ئیسلامی یان دیموکراسی یان لیبراڵی بە پەسەند دەزانن؟**

– دەستوورێک ئەگەر بۆ بەرژەوەندی هەر لایەنێک بێت خزمەتی عێراق ناکات، دەستوور بنەمای چەسپاوی مافی مرۆڤ و یەکسانی و سیستەمێکی دیموکراسی مەدەنییانەیە و بونیادی عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندانەی فیدرالییە کە خزمەتی عێراق بکات، دیموکراسیەتیش شێوازێکی مەدەنییانەیە بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایانە و هێنانە کایەی عێراقێکی تازەیە، لە عێراقدا ئایین و ئایینزا و نەتەوەی جیاجیا هەن بۆیە ئێمە دەستورێکی عێراقییانەی دیموکراسییانەی شارستانیانە دەخوازین کە رەنگدانەوەی نوێنەرایەتی توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە نەکات بەڵکو دەبێت گوزارشت لە تەواوی پێکهاتەی عێراق بکات.

*** کەرکوک شارێکی کوردستانییە لە عێراقدا بەڵام زۆرینەی هێزە عەرەبییەکان ئەم واقعە قبوڵ ناکەن ڕوانینی بەرێزتان لەم**

**بارەیەوە؟**

-تەواوی هێزو لایەنەکانی عێراق لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ماددەی ٥٨ دا لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕێککەوتوون، پێویستە ئەو ماددەیە بچەسپێت بەبێ هیچ ئەملاو ئەولا کردنێک ئەمە لە لایەکەوە.

لەلایەکی ترەوە هەندێک بە بیانوی ئایینەوە چوونە نێو پرۆسە و هەڵبژاردنەوە و ئەوانە زۆرتر وابەستەن بە فتوای ئایینیەوە بۆیە من دەترسم کەرکوک بکەنە قوربانی فتوایەکی ئایینی بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئایندەدا مەرامەکانیان بێتە دی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دا بگەنە کورسی دەسەلات بە مانایەکی تر دەترسم مەسەلە نیشتمانییەکان تێکەڵ بکرێن وکەرکوک و مەسەلەی کەرکوک بکرێتە کارتێک بۆ قەرەبووی شکستی ئەم حکومەتە لە نێو خەڵکی دا بۆیە پێویستە بە ئاگابین لە پیلانی هەندێک لایەنی دینی چونکە ئەگەر لە رابردوودا بەعس بە ناوی نەتەوەی عەرەبەوە قسەی دەکرد ئێستا لایەنە ئایینیەکان بە شیعە و سوننەوە بەناوی شەریعەتی خوداوەندەوە قسە دەکەن من لەو حاڵەتە دەترسم بۆیە پێویستە پەلە بکەین لە چەسپاندنی ئەو ماددەیە (ماددەی ٥٨) لە یاسای دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە.

*** عەرەبە هاوردەکان ماوەیەک پێش ئێستا داوایان کرد بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنی ئەسڵی خۆیان لەبەرامبەردا قەربوویەک بکرێنەوە بەڵام تا ئێستا لەلایەن حکومەتی جەعفەریەوە هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبووە بۆ ئەو داوایە بەڕێزتان ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟**

**بە راشکاوی دەڵێم لە بەغدا حکومەت نییە، حکومەتێکە بڕیاری لە دەست خۆیدا نییە، بەر لەوەی هەرکارێک بکات چاوەڕێی ڕێنوێنی چەند پایتەختی دراوسێیە**

- من ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز جەعفەری و حزبی دەعوە هەیە و ماندوو بوون و خەباتی بەرز دەنرخێنم هەروەها ڕێزم بۆ تەواوی حزبەکانی تر هەیە بەڵام بە راشکاوی دەڵێم لە بەغدا حکومەت نییە، حکومەتێکە بڕیاری لە دەست خۆیدا نییە، بەر لەوەی هەرکارێک بکات چاوەڕێی ڕێنوێنی چەند پایتەختی دراوسێیە تا لەوێوە پێی بگوترێت چی بکات، دیارە ئەو دەوڵەتانەش خۆشیان نە بۆ کورد و نە بۆ عەرەب و نە بۆ عێراق ناوێت، ئەوان لەسەر بەستی و ئازادی مرۆڤی عێراق دەترسن وەک ئەو حاڵەتە لە سوریا و ئێراندا هەیە.

*** ئەگەر ئاراستەکان بەم ئاقارەدا ڕۆیشتن ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینن، عێراقێکی یەکگرتوو یان عێراقێکی لێکترازاو؟**

- گەلی کورد لە کوردستاندا لە ڕاپەرینەکدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ داوە بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە حیکمەت و ژیری خۆی دەیەوێت عێراق بەرەو یەکگرتن و لێکنەترازان بەرێت و عێراق ببێتە عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراسی فیدرالی پەرلەمانی بەڵام هەندێک ئەمەیان ناوێت و لەو هەنگاوە دەترسن، ئێرانییەکان دەترسن لە باسی مافی کورد، لە سوریاش بەهەمان شێوە و تورکیاش لەوان خراپتر بۆیە ئەوانە لە پشت ئەو ئاڵۆزی و بشێوییە سیاسییەی عێراقەوەن و ئەم حکومەتەش بێلایەن نییە لەئاست داواکانی خەڵکی عێراقدا.

*** عەرەبە سوننەکان بە مەرجی گەورە لە بەشدار بوون لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا لەوانەش دەبێت ناسنامەی عێراقی عەرەبی بێت و ئیسلام تاکە سەرچاوەی نووسینی دەستوور و سیستەمی فیدرالی بەریا نەبێت، ئەم خواستە گەورانە لە پای چی؟**

- ئەگەر کەمێک بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە دەبینین ئەوانەی ئەمڕۆ ئەو قسە زلانە دەکەن پێشتر بە کرێگیراوی بەعس و

**ئەگەر کەمێک بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە دەبینین ئەوانەی ئەمڕۆ ئەو قسە زلانە دەکەن پێشتر بە کرێگیراوی بەعس و بازرگانی کوڕ و ژنەکانی سەدام بوون یان پیاو کوژ بوون جاران لەسەر ئاوازی نەتەوەی عەرەب و گەلی فەلەستین و ئیمپریالیزم سەمایان دەکرد و لە سایەی ئەو دروشمانەدا قەتلوعامی ئەم گەلەیان دەکرد**

بازرگانی کوڕ و ژنەکانی سەدام بوون یان پیاو کوژ بوون جاران لەسەر ئاوازی نەتەوەی عەرەب و گەلی فەلەستین و ئیمپریالیزم سەمایان دەکرد و لە سایەی ئەو دروشمانەدا قەتلوعامی ئەم گەلەیان دەکرد و ئەمڕۆ لە بەرگێکی تردا خۆیان دەنوێنن بۆ ئەوەی لەلایەکەوە عەیبەکانی ڕابردوویان داپۆشن و لەلایەکی تریشەوە ئەو ئامانجە بهێننە دی ئەویش عەرەبی سوننە نین، سوننە ئەوانەن کە خاوێن و ئازادیخوازن و زیاتر بەتەنگ ئاسوودەیی عێراقییەکانەوەن.

گرفتەکە لەوەدایە ئەمانە هەڵگری گووتارێکی ئایینین و ئەمەش خزمەتی هەردوو هێزە ئاینییەکەی نێو شیعە و سوننە دەکات بە دیوێکی تردا کاتێک ناسنامەی شیعە یان سوننە یەک لا دەبەیت ئەوانە عەقلیان دەگۆڕێت و گشت بەرژەوندییە نەتەوییەکان وەلا دەنرێن و ململانێکە دەبێتە ململانێی ناسنامە و نەباوەڕیان بە دیموکراسی و نە لیبراڵی و مافی کورد

دەبێت.

*** لەسەردەمی رژێمەکانی رابردوودا زۆرینەی شیعە ژێردەست و کەمینەی عەرەب سەردەست بوون و ئەمڕۆ هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە، زۆرینەی ژێردەستی جاران ئەمڕۆ بەرەو دیکتاتۆرییەت دەروات و کەمینەی باڵا دەست جاران داوای مانەوە دەکات بەتەنیا کورد دەیەوێت هاوکێشەی پێکەوە ژیان راگرێت بەڵام هەردوولا (شیعەو سوننە) لە بەرامبەر خواستەکانی کوردا گشت ناکۆکییەکان وەلاوە دەنێن ...بۆ؟**

– ئەو هاوکێشەیەی باستانکرد زۆر دروست و جوان و لە جێگەی خۆیدایە، بەڵام لە عێراقدا بست بە بستی ئەم وڵاتە زوڵم لێکراو بووە و ئەوەش دەبێت لە بیر نەکەین کە عەرەبی شیعە ئێستا دەترسێت بچێتە ناوچە سونییەکان و سونییەکانیش بەهەمان شێوە و کورد لەلای هەردوکیان زەرەر مەندە بەڵام ئەوانیش بەگشتی ئاراستەکانیانەوە دەزانن ئەمڕۆ کوردستان ئارامترین ناوچەی عێراقە و بە بەردەوام لە گەشانەوەدایە.

دەکرێت بڵێین حوکمرانی دیکتاتۆر هەیە، ئەمڕۆ لە نێو شیعەکاندا خەڵکی زوڵم لێکراو هەیە، ئەگەر جاران وەزارەتەکان تەنیا بۆ بەعسیەکان بوون ئەمڕۆش زۆر وەزارەت بۆ حزبی دەعوەیە!

*** روانینی بەرێزتان بۆ ئەزموونی حوکمرانی کوردستان چۆنە؟**

– ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ هەیە لە کوردستاندا زادەی شارستانیەتی مرۆڤی کورد و خەباتی ئازادیخوازانەی و ژیری و لێهاتوی سەرکردایەتی، بە ئیمکانیاتێکی کەمەوە گەشەسەندنی گەورە هەیە، ئارامی هەیە، هەست بە هاونیشتمانی بوون هەیە

*** بەرێزتان سەردانی ئیسرائیلتان کردووە، ئەمە راستە یان هەڵبەستراوە، ئامانجتان لەو سەردانە چی بوو؟**

– راستە من سەردانی ئیسرائیلم کردووە من ئامانجم بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقە قسەی بازرگانە سیاسی و مرۆییەکانم بەلاوە گرنگ نییە چونکە ئەوانە تەنیا مەگەر لە رێگەی بانکەکانی سویسراوە بزانرێت چییان کردووە و چی دەکەن، ئوردن و میسر تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، یاسر عەرەفات پەیوەندی هەبوو ئێستاش ئەبو مازن هەیەتی و پاساویان بۆ ئەو پەیوەندیە گەشتن بە ئاکامێکە بۆ وڵاتەکەیان ئەی بۆ ئەوە بۆ عێراق بەڕەوا نابین بۆ دەبێت دوژمنایەتی بە ئێمە بکەن و خۆیان دۆست بن من پێم وایە دەبێت ئەو واقعە بزانین کە ئیسرائیل دەوڵەتێکە لە ناوچەکەدا وەک دراوسێ پێویستمان بە یەکتر دەبێت بۆ پێمان خۆشە ئەمەریکا بمانپارێزێت و هاوکاری و پارەمان بداتێ و هاوپەیمانی بین. دەبێت ئەوەش بزانین کە ئیسرائیل دۆستی نزیک و هاوپەیمانی ئەمەریکایە، ئێمە خوازیارانی ئاشتی و پێکەوەژیانی برایانەین و دژی شەڕ و یەکتر کوشتنین و بازرگانی بە رۆحی خەڵکەوە ناکەین وەک ئەوەی هەندێک ئەم کارە دەکەن.

*** ترسێکی ناوخۆیی و ئیقلیمی لە دروستبونی دەوڵەتی کوردی هەیە ئەم ترسە بۆ؟**

– ئەم رژێمانە لە هەموو شتێک دەترسن، راستە لە وڵاتەکانیاندا هەڵبژاردن هەیە بەڵام یاسای هەڵبژاردنیان تەماشا بکە لەوێدا دەبینی لەو یاسایەدا دیاری دەکرێت کێ خۆی هەڵدەبژێرێت، ئایەتوڵڵا دەتوانێت یاسای سەرۆکایەتی و یاسای پەرلەمان و بڕیارەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەوان بەو پێیەی کورد لە وڵاتەکانیاندا هەیە و ئەو ئەزموونەی کوردستانیان دیوە لەو شتانە دەترسن هەرچەندە ئەمڕۆ کورد لە عێراقدا داکۆکی لە دیموکراسییەت و پێکەوە ژیان دەکات بەڵام ئەوان لە دیموکراسەتیش دەترسن.

چونکە رژێمەکان بە خواستی گەلان هەڵنەبژێردراون و رژێمی خۆسەپێنەران لە گشت شتێکی مەدەنییانە دەترسن.

**ئوردن و میسر تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، یاسر عەرەفات پەیوەندی هەبوو ئێستاش ئەبو مازن هەیەتی و پاساویان بۆ ئەو پەیوەندیە گەشتن بە ئاکامێکە بۆ وڵاتەکەیان ئەی بۆ ئەوە بۆ عێراق بەڕەوا نابین بۆ دەبێت دوژمنایەتی بە ئێمە بکەن و خۆیان دۆست بن**

*** ئێوە لەسەر دەستی رژێم تووشی نارەحەتییەکی زۆر بوونەتەوە ئەگەر هەندێک باسی ئەوەمان بۆ بکەیت.**

– ئالو سییەکان لە سەر دەستی رژێمی لەناوچوو تووشی گرفتی زۆر هاتن، باوکم بەهۆی راوەدونانەوە دڵی وەستاو مرد ئەمە وێرای خزمە نزیکەکانم لەم چەند مانگەی رابردوشدا تیرۆرستان دووکوڕیان شەهید کردم و نۆ جار هەوڵی تیرۆرکردنم دراوە، ئێمە بە دەست بەعسییەکانەوە دەناڵێین لە پێش ٩/٤ و پاش ٩/٤.

*** ئەگەر شتێکتان مابێت باسی بکەن لە کۆتایی ئەم دیمانەیەدا؟**

–دەمەوێت پیرۆزبایی لە گەلی کورد بکەم و پیرۆزبایی لە عێراقیەکانیش بکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی کاک مسعود بە سەرۆکی کوردستان، ئەو مرۆڤە کەسێکی هوشیار و بە ئاگایە و هەڵبژاردنەکەتان لە جێگەی خۆیدا بوو، داواکارم ئێوەی بە ئەزموون هاوکاری عێراقییەکان بن لە بەغدا لە بەسرەو تەواوی عێراق..

بەغدا پایتەختی عێراقە، نەوت و کانزاکان سامانی عێراقیەکانە، دیجلە و فورات، یاسا، دەستور بۆ جوانکاردنی عێراقە و لەم قۆناغەدا ئێمە پێویستمان بە ئێوەیە..■